راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

## سەردانی سەرۆکی ڕێکخراوی بانگەوازی ژێنێڤ بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە.

***ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی ئاگۆستی <u>٢٠٠٨</u> هەیئەتێکی ڕێکخراوی "بانگەوازی ژێنێڤ" (جێنێڤا) کەپێکهاتبوو لەبەڕێز خانمی "ئیلیزابێت دێکری وارنێر" سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیەو بەڕێز "مەهمەت بەڵچی" بەرپرسی بەرنامەکان، سەردانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵەیان کرد و لەلایەن بەڕێزان کاك عەبدۆڵلا مۆهتەدی سکرتێر و فارۆق بابامیری ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.***

***بانگەوازی ژێنێڤ ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیە کە لەلایەن یەکیەتی ئۆرووپاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕەسمی ناسراوەو پشتیوانی لێدەکرێ. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە قەدەغەکردن و نەهێشتنی مینی دژە نەفەر و هاندانی هەموو هێزە چەکدارە نادەوڵەتیەکانی جیهانە بۆ پەیوەست بوون بە ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا سەبارەت بە قەدەغەکردنی مینی دژەنەفەر. ئەم ڕێکخراوەیە هەروەها لە پێناو نەهێشتنی چەکدارکردنی منداڵان و نەهێشتنی توندووتیژی لەدژی ژنان کاردەکات.***

***لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر مێژووی کۆمەڵەو ئامانج و سیاسەتەکانی، بارودۆخی کوردی ئێران و ناوچەکە، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوەو هەوەها پێویستیی گوشار خستنەسەر ئەو ڕژیمە بۆ ئەوەی دەست لە مینڕێژکردنی کوردستان هەڵبگرێو بەگشتی مینی دژەنەفەر قەدەغە بکات، قسەوباس کرا و چۆنیەتی هاوکاری لەو بووارانەدا درایەبەر باس.***

***بەرپرسانی ڕێکخراوی "بانگەوازی ژێنێڤ" پاش کۆبوونەوەی تێرو تەسەل تێگەییشتن لە بارودۆخی کوردستان و دانی بەڵێنی هاوکاری لەچەندین بوواردا لەلایەن بەرپرسانی کۆمەڵەوە بەڕێکران.***

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٦ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

